# هۆبزباوم

## مێژوونووسێک، خەونی بە جیهانێکی باشترەوە دەبینی

حەسونە مسباحی
لە عەرەبییەوە: بەختیار ئەحمەد ساڵح



لە کاتی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی هۆبزباوم، خوێنەر پەیوەندیی نێوان مێژوونووس و گێڕەرەوەی لێ تێکدەچێت، ئەو کەسەی کە ڕاستییە مێژووییەکانی کردوە بە چیرۆکێك و لە دید و کەسانی ئاسایی و پەراوێزخراوەوە گێڕاونەتییەوە، ئەو کەسانەی ئەگەر قوربانییەکانیان نەبوایە و ڕووبەڕووی ستەمکارەکان نەبوونایەتەوە هیچ کات نوێگەرییش لە دایك نەدەبوو. هۆبزباوم تەنها ڕووداوەکانی بە پێی کاتەکانیان ناگێڕێتەوە، بەڵکوو بە قووڵایی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا ڕۆدەچوە خوارێ و دەیپشکنی و ڕەخنەی دەگرت، تا بزانێت چەندە ڕێی تێدەچێت. هۆکار و دەرئەنجامەکانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ شی دەکردەوە و پێکییەوە دەبەستەوە بە شێوەیەکی تەواوکار لە بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کەلتووری بە شێوەیەك کە دەرەنجامی کۆتایی دەبوە وێنەیەکی زیندووی ژیانی قۆناغێکی مرۆڤایەتی. هۆبزباوم لەبەر ئەوەی کە بیریارێکی دەوڵەمەند بوو بە کەلتوور و زانیاری، دەیتوانی شرۆڤەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی بە یەکەوە ببەستێتەوە.

هۆبزباوم لە ئەسکەندەرییە لە دایك بوو، لە ڤیەننا و بەرلین گەورە بوو، لە کاتی دەرکەوتنی نازیزم و لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا پەیوەست بوو بە پارتی کۆمۆنیستی ئینگلیزی، پابەندبوونە سیاسییەکەی کاریگەیری لە سەر ژیان و بەرهەمەکانی دانا، تا کۆتایی ژیانی وەك مارکسییەك مایەوە. سەرباری پاشەکشێی پارت و ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکان لە سەرتاسەی جیهاندا، بەڵام ئەو دڵسۆز بوو بەرانبەر بە بیرکردنەوەی خۆی هەر ئەمەیش وەك مێژوونووسێکی کەموێنە هێشتییەوە.

## هۆبزباومی ئینسکلۆپیدیا

هۆبزباوم بە نووسینە ئینسکلۆپیدیاییەکەی ناسراوە، کە پێکدێت لە 4 بەش، «سەردەمی شۆڕش و توندڕەوییەکان و سەرمایە و ئیمپراتۆریەت، تا ئێستایش کتێبی سەردەمی شۆڕش بە سەرچاوەیەکی گرینگ دادەنرێت بۆ ئەو لێکۆڵەرانەی، کە بایەخ بە مێژووی شۆڕش و فەلسەفەکەی دەدەن. لەم کتێبەدا «سەردەمی شۆڕش» هۆبزباوم مێژووی ئەورووپا دەنووسێتەوە لە کاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنسییەوە، ئەو شۆڕشەی کە بە ڕووداوێکی ناوازە دادەنرێت لە مێژوودا، تا لە ڕێگەیەوە بچێتە قووڵایی پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەو دۆخە گشتییە بخاتە ڕوو، کە بەر لە شۆڕش لە ئارادا بوە، ئەو کاتەی کە دۆخی جوتیارەکان بەرەو خراپبوون دەچوو باجی دەرەبەگ بەشی هەرە زۆری داهاتی جوتیاری بۆ خۆی دەبرد. هۆبزباوم جیاواز بوو بە شیکردنەوەی دینامیکیەتی کۆمەڵایەتی، کە خاوەن سروشتێکی چینایەتی- دژبەیەك بوو دەرەنجامی گۆڕانکاریی شۆڕشی فەرەنسی و لێکەوتەکانی هێنایە ئاراوە، ئەو گۆڕانکارییانەی کە زۆرینەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان تێیدا ژیان. هەر هێزێك نوێنەری توێژێکی کۆمەڵایەتی بوون، تا ئەو کاتەی کە سروشتی ئەو ململانێ چینایەتییە دیاری بکات و چین و توێژەکان لێك جیا بکاتەوە دوای لەدایکبوونێکی شۆڕشگێڕانەی سەخت و دژوار.

وەك هەموو شۆڕشەکانی تر، شۆڕشی فەرەنسایش دووچاری شۆڕشی پێچەوانە بووەوە و دووچاری شکست هات، بە هۆی پیلانگێڕی و هاوپەیمانیی سیستەمە کۆنەکانی دەسەڵات، کە پێی وابوو دەستوەردانی بێگانە تەنها ڕێگەیە بۆ دووبارە گێڕانەوەی دەسەڵاتەکەی. ئەم هاوپەیمانێتییە لە نێوان سیستەمە ڕەهاکانی دەسەڵات، لە بەر ترسی ئەوە بوو کە نەوەك ئەو شۆڕشە تەواوی ئەورووپا بگرێتەوە. لە ڕاستیدا ئەو شۆڕشە جیهانی بوو هیچ دەوڵەتێك لە بەرانبەریدا پارێزراو نەبوو، ڕاپەڕینەکەی ساڵی 1789 ڕاپەڕینی تەنها گەلێك نەبوو، بەڵکوو بەهاری تەواوی گەلانی ئەورووپا بوو. ئەم خەونە بەهێزتر و کاریگەرتر بوو لە ئەفسانەی ناپلیۆن، کە وەك کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ دەرکەوت و گوزارشتی لە ئایدیۆلۆجیای فەرەنسییەکان دەکرد بە تایبەت

جوتیارەکان، ئەڵبەتە ناپلیۆن نەیتوانی کە شۆڕشی یەکسانی و ئازادی و دەسەڵاتی گەل تێك بشكێنێت، لەبەر ئەوەی کە ئەوە ئەو خەونە بوو، کە بوە هەوێنی شۆڕشەکانی سەدەی نۆزدەهەم لە فەرەنسا نەوەك یادی ناپلیۆن.

ئەریك هۆبزباوم لایەنگریی خۆی بۆ هەژارەکان نەشاردووەتەوە، ڕۆشنایی خستووەتە سەر ژیانی پڕ لە ناخۆشیی کەسە زەحمەتكێشەکان، لەنێوان ساڵەکانی 1815-1848 کە ئاستی هەژاریی خراپتر بوو لە گوندەکان، بە تایبەت لە نێو کرێکارە کرێگرتەکاندا ئەمەیش کەلێنی نێوان هەژار و دەوڵەمەندەکانی زیاتر کرد، تا دەهات زیاتر دەبوو بە شێوەیەك کە یەکێك لە خامە خانەدانەکان ئاراییشتکردنەکەی ملیۆنونیوێك فرەنکی تێدەچوو، لە کاتێکدا کە بە هەزاران ژن بە برسێتی لە شەقامەکاندا دەسووڕانەوە، هەژاری بە ئەندازەیەك زیادی کردبوو، کە وای لێ کردن شۆڕش ڕا بگەیەنن، بەڵام ئەوان خاوەن ڕێکخستنی پێویست نەبوون، تا یاخیبوونەکەیان بکاتە شتێك زیاتر لە مەترسییەکی گوازراوە لە سەر سیستەمەی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ ئەوەیشدا کە زۆرینەی جوتیارەکان کەسانی نەخوێندەوار و دواکەوتوو بوون، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە شۆڕش یەکێك نەبوە لە خەمەکانیان، تا ئەو کاتەی کە لە ساڵی 1946 ڕاپەڕینێك ڕووی دا کە لە دوای شۆڕشە جوتیارییەکەی فەرەنسا بە گەورەترین شۆڕش دادەنرێت. لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئەم ڕاپەڕینە لە دژی سیاسەتە فاشیستییەکەی ستالین بوو، بەڵام ئەم هەڵوێستە نەبوە بەربەست و ڕەتکردنەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ئەو شۆڕشەی کە زۆر کەس پێیان وابوو هەڵەیەکی مێژووی بوو بەو بیانوەی، کە ڕووسیا ئامادە نەبوو بۆ شۆڕشی سۆسیالستی بە هۆی لاوازیی چینی کرێکار و بوونی زۆرینەی جوتیار و گواستنەیش بۆ سۆسیالیزم بە کارێکی ئەستەم دادەنرا لە وڵاتێکدا، کە نەخوێندەواری تێیدا باڵادەست بوو. لە کەسایەتیی لینینیشدا کەسێکی دژەشۆڕش بە دی نەدەکرا، کە ڕێکخەری کودەتا و دژی دیموکراسی بێت و گرینگیی ئەو کەسە لە نزیکایەتیی جەماوەر و زانینی خواستەکانی دەردەکەوێت، هەر بۆیە لینین هیچ کات دوودڵ نەبوو لە بەخشینی زەوی بە جوتیارەکان و دابەشکردنی بە سەریاندا، کاتێکیش کە جەنگ کۆتایی پێ هات جوتیارە ڕووسەکان هەستیان بە گەشبینی دەکرد، لەبەر ئەوەی خواستی زۆرینەیان بەدەستهێنانی زەوی و کرێی گونجاوتر و کاتی کاری کەمتر بوو بۆ کرێکارەکان. بە پێی بۆچوونی هۆبزباوم، بژاردە لێرەدا لە نێوان ڕووسیای لیبراڵ و دیموکراسی و نالیبراڵدا نەبوو، بەڵکوو لە نێوان ڕوسیا



**هۆبزباوم فاشیزم وەك کاردانەوەیەك و شۆڕشێکی پێچەوانە بەرانبەر بە میراتی ڕۆشنگەری و شۆڕشی فەرەنسی هەژمار دەکات، سەرهەڵدانی ڕاستیی ڕادیکاڵییش شتێك نەبوو جگە لە وەڵامێك بۆ مەترسیی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و هێزی چینی کرێکار**



*Eric Hobsbawm*

و لەبەر یەك هەڵوەشانەوە بوە، لەبەر ئەوەی ناکرێت لە سەدەی بیستەم تێ بگەین بە بێ تێگەییشتن لە شۆڕشی ڕوسیا، هۆکارەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك گرینگترینیان ئەوە بوو، کە شۆڕش پاڵنەری بۆ سەرمایەداری دروست کرد تا خۆی چاك بکات.

هۆبزباوم فاشیزم وەك کاردانەوەیەك ئەژمار دەکات بەرانبەر بە میراتی ڕۆشنگەری و شۆڕشی فەرەنسی، هاوشێوەی شۆڕشە عەرەبییەکانە لەبەر ئەوەی بە هۆی زاڵبوونی شۆڕشی پێچەوانە وەك کاردانەوەیەك فاشیزم دروست بوو، سەرهەڵدانی ڕاستیی ڕادیکاڵییش لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم شتێك نەبوو جگە لە وەڵامێك بۆ مەترسیی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و هێزی چینی کرێکار. بە بێ ئەم گۆڕانکارییانە فاشیزم سەری هەڵنەدەدا. فاشیزم هاتە دەسەڵات بە دەستتێکەڵکردن لەگەڵ سیستەمەی

کۆن و هەر بە هاوکاریی ئەو دەستتێکەڵکردنە دواتر سوودی زۆر کرد لە کۆمپانیاکان، لەبەر ئەوەی توانیی کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی و چەپ و سەندیکاکان تێك بشکێنێت.

## ڕاپەڕینی گەنجانی ساڵی 1968

هۆبزباوم ڕاپەڕینی ساڵی 1968ـی وەك شۆڕش ناو برد، لەبەر ئەوەی خوێندکارەکان ژمارە و توانایان هەر چەندێك بوایە نەیاندەتوانی بە شۆڕش هەستن، لە کاتێکدا نارەزاییەکانیان دەیتوانی ڕۆڵی هەبێت، لە ڕاپەڕینی خوێندکاران و هەڵگیرساندنی شەپۆلی خۆپیشاندانی کرێکاریی گەورە، ئەم ڕاپەڕینەی خوێندکاران دواهەمین هاوار بوو بۆ شۆڕشی جیهانی و شۆڕشگێڕ بوو، بە مانا یۆتۆپییە کۆنەکەی لە هەوڵی دا بۆ گەییشتن بە ئامانجەکەی لە ڕێگەی کارکردن لە سەر شەقامەکان و دانانی مەتەرێزەکان.

لە کاتی شۆڕشە کلاسیکییەکاندا، کە دەکەوێتە نێوان ساڵەکانی 1789 و 1917 لە شارە گەورەکاندا دەسەڵات ڕووخێنرا، لە کاتێکدا کە شۆڕشە نوێکان دروست دەبوون و کامڵ دەبوون لە گوندەکاندا، لەبەر ئەوەی لە ڕاپرسییەکاندا نەیدەتوانی گوزارشت لە بۆچوونی خۆی بکات، ڕەگەزی نوێ لە شۆڕشەکاندا لە دوای سییەکانەوە لە سەدەی بیستەم ئەوە بوو، کە شۆڕشەکان لە گوندەکانەوە سەریان هەڵدەدا.

## بەهاری عەرەبیی خوێناوی

هۆبزباوم بەپەرۆشەوە چاودێریی شۆڕشە عەرەبییەکانی دەکرد، لە ساڵی 2011 پێی وابوو کە چینی ماماوەند لە چارەکە سەدەی کۆتاییدا چالاك دەبێت، ڕەنگە هەندێك پەلەی کردبێت لە هەڵسەنگاندنەی دا بە پێی هەر دوو ئەزموونی تونس و میسر، بە تایبەت لەبەر ئەوەی شۆڕشەکان دواتر گەورەترین بەشداریی جەماوەرییان بە خۆوە بینی، چینی هەژاری شار و پەراوێزخراوەکانی گوندیش بەشدارییان تێدا کرد. ئەم شۆڕشە ئەو شۆڕشانەی خستەوە یاد کە لە ساڵی 1848 تەواوی ئەورووپای گرتەوە، کاتێك کە شۆڕشی فەرەنسا هەڵگیرسا و دواتر ئەو شۆڕشە شارە ئەورووپییەکانی تریشی گرتەوە. شۆڕش گەر لە کورتمەوەدادا شکست بهێنێت، بێگومان سەرکەوتنێکی ڕێژەی بە دەست دەهێنێت لە دوورمەودادا. ئەریك هۆبزباوم لە نووسین نەوەستا تا بەر لە مردنی بە ماوەیەك بەردەوام بوو. لە تەمەنی 94 ساڵیدا کتێبێکی بڵاو کردەوە بە ناونیشانی «جیهان چۆن گۆڕانی بە سەردا هات» کە تێیدا داکۆکی لە مارکسیەت دەکات و پێی وایە، هێشتا پێوەندییەکی بەهێزی هەیە بە سەردەمەکەمانەوە بە تایبەت دوای قەیرانی دارایی و شکستهێنانی بانکە گەورەکان لە ئەورووپا و ئەمەریکا، ئەمەیش لە دیدی هۆبزباومەوە نیشانەی شکستهێنانی سەرمایەداری بوو. لە کۆتاییی ژیانی دا دانی بەوەدا نا، کە سۆسیالیزم لە سەدەی بیستەمدا شکستی هێنا، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا بێئومێد نەبوو لە مارکسیزم. هۆبزباوم یەکێك بوو لە لایەنگرانی پرسی فەڵەستین و توندی هەڵوێستی بەرانبەر بە ئیسرائیل وای کرد، کە هێرشە زایۆنییەکان لە دژی زیاد بکەن. هۆبزباوم پێی وابوو کە ئەو سیاسەتانەی، کە حکوومەتی ئیسرائیل دەیگرێتە بەر کارەساتبارە و دەبێتە هۆی پاکتاوی ڕەگەزی لە خاکە داگیرکراوەکاندا. لە کۆتاییدا ئەو دەنگەی کە تا کۆتایی لە گوتن نەوەستا و دەزرنگێتەوە دەڵێت «ئەوەی کە لە سەرم بوو ئەنجامم دا بە بێ ئەوەی هیچ جۆرە پاشەکشێیەك، یا دانوستان بکەم لە سەر بۆچوونەکانم».

**سەرچاوە:**

پاشکۆی (المنارات)ی ڕۆژنامەی (المدى)